# كاراميیە بنەڕەتیەكانی بیركردنەوە

## المهارات الاساسية للتفكير

## Basic thinking skills

د .ديار محي الدين صادق

2023 – 2024

diyar.sadeq@su.edu.krd

## 1- سەرنجدان – الملاحظة – Observing:

لێهاتوویی هەستەوەرەکانو تواناى کۆکردنەوەی زانیاریو ورووژێنەرەکان..

## 2- هێنانەوە یاد -الاستدعاء - Recalling:

توانای هێنانەوە یادی ئەو زانیاریو شارەزاییانەی کە لە درێژە کۆئەندامی یادکردنەوەدا (ذاکرة طویلة المدى) خەزن کراون.

## 3- بەهێماکردن (الترمیز- Encoding):

توانای تاك کە لە رێگەی کۆمەڵێك هێماو شفرەی تایبەتی، زانیاریو ورووژێنەرەکانی لە درێژە کۆئەندامی یادکردنەوەدا، خەزن بکات.

•

## 4- دانانی ئامانجەکان (وضع الأهداف  -Setting Goals):

توانای تاك له دیاری کردنی ئامانجه گشتی وتایبەتییەکانی خۆی، ئامانجەکان دوور بن یان نزیك.

## 5- پرسیارکردن (التساؤل) (Questioning):

توانای تاك له پرسیارکردن و ورووژاندنی پرسیار ..دەربارەی بابەتو دیاردەکانی ژیان.

## 6- پۆلین کردن (التصنيف) (Classifying):

توانای تاك له پۆلین کردنی شت ودیاردەکانی ژیان ( به هەر شێوەیێك )..

بۆنمونه بەپێی (بارستایی ،کێش ،رەنگ ،شێوەیان ....هتد )

## 7- بەراورد کردن (المقارنة) (Comparing):

– بەراورد کردنی دیاردەو شتەکان بە یەکتری..و دیاری کردنی لایەنە لێك چوو و لێك نەچووەکانیان.. بۆ نموونە بەراورد کردن ( **مرۆڤ و ئاژەڵ**):

– لایەنەکانی لێکچوون (ئاوو خواردنو خەوتنو...هتد)....

– لایەنەکانی کە چوون یەك نین (عەقڵو زمانو ئایینو...هتد).

## 8– کورت کردنەوە (التلخيص) (Summarizing):

- توانای تاك لە کورت کردنەوەی بابەتو دیاردەکانی ..
- پوختەکەی بنووسێت..
- بیرۆکەو مەبەستە سەرەکییەکانی بابەتەکان دیاری بکات.

## 9 – هەڵهێنجاندن (الاستنتاج) (Inferring):

- توانای تاك بۆ زانینی ناوەڕۆك و مەبەستی سەرەكیو خاڵە نادیارو شاراوەكانی دیاردەو بابەتەكان..
- بە قووڵی بچێتە ناو بابەتو دیاردەكانەوە.
- بە رواڵەتو رووكەشی دیاردەكان هەڵنەخەڵەتێ..

## 10– پێشبینی كردن (التنبؤ) (Predicting):

- توانای تاك لە پێشبینی كردنی رووداوو گۆڕانكاریەكانی داهاتوو.
- پێویستی بە زانیاریو شارەزایی رابردووی خزنكراوی ناو یادكردنەوە هەیە..
- لە رێگەی بەیەكەوە بەستنەوەی رابردوو و ئێستا، پێشبینی داهاتوو بكرێت

## 11 – گریمان (الفرضية) (Hypothesizing):

- توانای تاك له دانانی گریمان بۆ چارەسەركردنی گرفتەكان ...
- دواتر له رێگەی كۆكردنەوەی زانیاریو تاووتوێ كردنی گرفتەكان، یەك له دوای یەك گریمانەكان تاقی بكاتەوە..
- بۆ ئەوەی دواجار له رێگەی دەست نیشان كردنی راستترین گریمانەوە چارەسەری گرفتەكە بكاتو بەسەریدا زاڵ بێت...

## 12 – پراكتیزەكردن (التطبيق) (Applying):

- توانای تاك بۆ پراكتیزەكردنی زانیاریو شارەزایی رابردوو له ئێستا و داهاتوو بۆ چارەسەركردنی گرفتی نوێ.